یەکەمین ماڵپەڕی کوردی تایبەت بە پرسیار و وەڵامی شەرعی

# عیبادەتە گرنگەکان
# لە مانگی ڕەمەزان



وەرگێڕانی

ستافی ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba8.org - walamakan.com

# پێشەکی

بسم الله الرحمن الرحیم

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە ، وە درودو سڵاو لە سەر گیانی پێغەمبەری خوا ، وە لەسەر خێزان و کەس وکاری ئیماندارو هاوەڵان و شوێن کەوتوانی تا رۆژی دوایی.

لەم کتێبەدا بە کورتی باس لە گرنگترین ئەو عیبادەتانە کراوە کە پێویستە موسڵمان لەمانگی ڕەمەزان زیاتر گرنگی پێ بدات و ئەنجامی بدات بۆ ئەوەی زۆرترین توێشوو بۆ قەبر و قیامەتی کۆبکاتەوە و مانگی ڕەمەزانیش بە خواناسی و عیبادەتی زۆرەوە بەڕێ بکات .

## ڕەمەزان و زیکر و یادی خودا

بێگومان زیکر یەکێکە لەو عیبادەت و کارە چاکانەی کە لەهەموو کات و شوێنکدا دەکرێت ، و بەدەست نوێژ و بێ دەست نوێژەوە تەنانەت بە لەشگرانیشەوە ،بەڕاکشانەوە ، بەڕێگاوە ، لەسەر ئیش و کار ... وە ئەم عیبادەتە هاوشێوەی عیبادەتەکانی تر لەڕەمەزاندا خێری زیاترە و چاکترە ، بۆیە بەکورتی باسی خێر و پاداشتی زیکر و یادی خوا دەکەین بۆ ئەوەی تۆی موسڵمان لەم مانگە پیرۆزەدا کاتەکانت بەزیکر و یادی خوا بەسەربەریت و غافڵ و بێ ئاگانەبیت لەم خێرە گەورەیە .

**یەکەم : ئەوانەی کە زۆر زیکر و یادی خوای گەورە دەکەن لێخۆشبون و پاداشتێکی گەورەیان بۆ هەیە لای خوای گەورە :**

خوای پەروەردگار بۆ ژنان وپیاوان ئەوانەی زیکر ویادی خودا دەکەن لێ خۆش بوونی داناوە ، لەگەڵ پاداشتێکی گەورە وبەنرخ ، هەروەک خوای پەروەردگار فەرموویەتی:

{وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ مَغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا } [الأحزاب:٣٥]. واتە: وە ئەو پیاوانەی کە زۆر زیکرو یادی خوای گەورە ئەکەن، وە ئەو ئافرەتانەی کە زۆر زیکرو یادی خوای گەورە ئەکەن لە هەموو حاڵەتێکیاندا،

(پێغەمبەری خوا - صلى الله علیه وسلم - دەفەرمێت: ئەگەر پیاو شەو هەستێت و خێزانەکەی هەستێنێت و دوو رکات نوێژ بکەن ئەوا لەو کەسانە ناونوس دەکرێن کە زۆر زیکرو یادی خوای گەورەیان کردووە) ، ئا ئەمانە بە ژن و پیاوەوە خوای گەورە لێخۆشبوون و ئەجرو پاداشتێکی زۆر گەورەی بۆ ئامادەکردوون.

دووەم : زیکر پاشترین کردەوەیە ، وبەڕێزترینیانە ، وڕزگار کارە لەسزای خودا .

ئەبو دەردا خوای لێ ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت: پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم فەرمووی:

((ألا أنبئكم بخير أعمالكم، وأزكاها عند مليككم،

وأرفعها في درجاتكم، وخير لكم من إنفاق الذهب والورق، وخير لكم من أن تلقوا عدوكم، فتضربوا أعناقهم، ويضربوا أعناقكم؟ قالوا: بلى؛ قال: ذكر الله تعالى. فقال معاذ بن جبل رضي الله عنه: ما شيء أنجى من عذاب الله من ذكر الله)).[١]

---

[١] رواه الترمذي (٣٣٧٧)، وابن ماجه (٣٠٧٢)، وأحمد (١٩٥/٥) (٢١٧٥٠)، والحاكم (٦٧٣/١).

وحسنه البغوي في ((شرح السنة)) (٦٦/٣)، وحسن إسناده المنذري في ((الترغيب والترهيب)) (٣٢٦/٢)، والدمياطي في ((المتجر الرابح)) (٢٠٣)، وقال ابن رجب الحنبلي في ((جامع العلوم والحكم)) (٦٧/٢): موقوفاً على أبي الدرداء، وقال ابن حجر في ((الفتوحات الربانية)) (٢٦٥/١): مختلف في رفعه ووقفه وفي إرساله ووصله[و] الصحيح الوقف، وصححه السيوطي في ((الجامع الصغير)) (٢٨٨٦)، والألباني في ((صحيح سنن الترمذي)) (٣٣٧٧)، والوادعي في ((الصحيح المسند)) (١٠٤٢).

واتە : ئایا هەواڵتان پێبدەم بە باشترین و پاکترین کردەوەتان لای خاوەنەکەتان و لە هەمووی زیاتر پلەوپایەتان بەرز بکاتەوە و چاکتر بێت بۆتان لە بەخشینەوەی زێڕ و زیو ، وە باشتر بێت بۆتان لەوەی کە بگەن بە دووژمنەکەتان و بدەن لە گەردنیان و ئەوانیش بدەن لە گەردنتان ؟ وتیان : بەڵێ ، فەرمووی : زیکری خوای گەورە .

وە (أبو بكر ابن العربي) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (ما من عمل صالح إلا والذكر مشترط في تصحيحه، فمن لم يذكر الله بقلبه عند صدقته، أو

صيامه مثلاً فليس عمله كاملاً، فصار الذكر أفضل الأعمال من هذه الحيثية)[٢]

واتە: هیچ کردەوەیەکی چاک نی یە ئیلا زیکر کردن مەرجە بۆ دروستێتی ئەو کارە ، هەرکەسیک لەکاتی خێر وسەدەقەدا بەدڵی زیکری خودا نەکات ، یاخود لەکاتی ڕۆژوو گرتن ئەوا کردەوەکەی تەواو نی یە ، بۆیە زیکر لەو ڕووەوە باشترین کردەوەکانە .

* * * * * * *

[٢] ينظر ((فتح الباري)) لابن حجر (٢١٠/١١).

**سێیەم : زیکر ژیانە بۆ بەندە ، ئەوەی زیکر ناکات وەکو مردوو وایە.**

ئەبو موسا خوای لێ ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە وەڵێت: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی: ((مثل الذي يذكر ربه، والذي لا يذكر مثل الحي والميت)). [٣]

واتە: نموونەی ئەو کەسەی زیکر و یادی خودا دەکات لەگەڵ کەسێکدا کەزیکری خودا ناکات وەک زیندو ومردوو وایە.

[٣] رواه البخاري (٦٤٠٧)، ومسلم (٧٧٩)

## چوارەم : سەرەنجامی زیکر کردن چوونە بەهەشتە:

مەعازی کوڕی جەبەل خوای لێ ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی: ((من كان آخر كلامه لا إله إلا الله دخل الجنة)).[٤]

واتە: هەر کەسێک لەژیاندا وپێش ئەوەی بمرێت کۆتا وشەی (لا إله إلا الله) بێت ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە.

---

[٤] رواه أبو داود (٣١١٦)، وأحمد (٢٤٧/٥) (٢٢١٨٠)، والبزار (٧٧/٧) (٢٦٢٦)، والطبراني (١١٢/٢٠) (٢٢١)، والحاكم (٥٠٣/١). قال ابن العربي في ((عارضة الأحوذي)) (٣٦٩/٢): ثابت صحيح من طرق كثيرة، وحسن إسناده النووي في ((المجموع)) (١١٠/٥)، وصححه السيوطي في ((الجامع الصغير)) (٨٩٦٥) والصعدي في ((النوافح العطرة)) (٤٠٠)، والألباني في ((صحيح سنن أبي داود)) (٣١١٦).

پێنجەم : لەزیکر کردندا ڕووناکی دڵ وەدەروون هەیە .

ئەبو دەردا خوای لێ ڕازی بێت دەڵێت: (إن لكل شيء جلاء، وإن جلاء القلوب ذكر الله عز وجل).[٥]

واتە: بۆ هەموو شتێک ڕووناککەرەوەیەک هەیە ، وڕووناککەرەی دڵ زیکر ویادی خوای پەروەردگارە .

ئا لێرەوە پێویستە لەسەر بەندە لەکاتێکدا لەم مانگەدا نزیک دەبێتەوە لەخودای خۆی پابەندی زیکر ویادی خودا ببێت ، هەموو ئەو زیکرانە

[٥] رواه البيهقي في ((شعب الإيمان)) (٣٩٦/١) (٥٢٣).

لەبەر بکات کەلە فەرموودە سەحیحەکاندا هاتوون لەزیکرەکانی بەیانیان وئێواران ، وزیکر دەرچوون لەماڵ وگەڕانەوە بۆ ماڵ ، ولەهەموو حاڵەتەکاندا ، بەم شێوەیە خۆمان وماڵ ومنداڵ وکۆمەڵگاکەمان دەپارێزین لەهەموو شەڕ وناخۆشییەک.

وە هەروەها زۆر گرنگە لەم مانگەدا موسوڵمان دوور بێت لە کۆڕ ومەجلیسێک کە وتی وقیل وقال ، وغەیبەت ، ودوو زمانی ، وگاڵتەو گەپی زۆری تێدایە .

لەکۆتاییدا مانگی ڕەمەزان فرسەتێکی گەوەیە بۆ قەرە بوو کردنەوەی ئەو کەم وکورتیانەی لەسەردەمانی زوودا ڕوویان داوە.

دەی ناکرێت چاوێک بەخۆمان ودڵ ودەروونماندا بخشێنینەوە وموحاسەبەی بکەین لەسەر ئەو کاتانەی بەفیڕۆمان داوە ، وبێ ئاگا بووین لەزیکر ویادی خودا ؟

* * * * * * *

# ڕەمەزان و قورئانی پیرۆز

گومانی تێدا نی یە قورئان خوێندن یەکێکی تره لەعیبادەتە هەرە باشەکان ، هۆکارێکە بۆ نزیک بوونەوە لەخوای پەروەردگار ؛ بەتایبەت لەمانگی ڕەمەزاندا ئەو مانگە کەقورئان تیایدا دابەزیوە وکردەوەی چاکە تیایدا چەندان قات خێری زیاترە.

## یەکەم : ڕەمەزان مانگی دابەزینی قورئان :

خوای پەروەردگار لەمانگی ڕەمەزاندا قورئانی دابەزاندووە ، هەروەک لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئاماژەی پێداوە و فەرموویەتی: {شَهْرُ رمضَانَ الذيِّ أنَزلُ فِيه ِالقرآنُ هدًى للناَّسِ وَبَيِّنَاتٍ مِّنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ } [البقرة: ١٨٥].

واتە: مانگی ڕەمەزان ئەو مانگەیە كە خوای گەورە قورئانی پیرۆزی تیادا ناردە خوارەوە ، ئەم قورئانە هیدایەتە بۆ هەموو خەڵكی ، وە ڕوونكەرەوەی ئەو هیدایەتەیە وە فورقانیش ئەوەی كە جیاكاری ئەكاتە نێوان حەق و باتڵ هەمووی ڕوونكراوەتەوەو درێژ كراوەتەوە.

( ابن كثیر )ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت:

(یمدح تعالى شهر الصیام من بین سائر الشهور بأن اختاره من بینهن لإنزال القرآن العظیم)[٦]

---

[٦] ((تفسیر القرآن)) لابن كثیر (٥٠١/١).

واتە: خوای تەعالا وەسف ومەدحی مانگی ڕەمەزانی کردووە لەنێو هەموو مانگەکاندا بەوەی هەڵیبژاردووە بۆ دابەزاندنی قورئان .

وەدابەزاندنی قورئان لەو شەوە موبارەکەدا بوو کەخێرتر وباشترە لەهەزار مانگ ، هەروەک خوای تەعالا لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئاماژەی پێداوە وفەرموویەتی: {إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةٍ مُّبَارَكَةٍ}[الدخان:٣].

واتە: ئێمە ئەم قورئانە پیرۆزەمان لە شەوێکی پیرۆزدا دابەزاندووە کە شەوی قەدرە، کە خوای گەورە هەموو قورئانی لە شەوی قەدردا لە (لوح المحوظ)ە وە دابەزاندووە بۆ ئاسمانی دونیا بۆ (بیت

العزة) وە لەوێشەوە لە ماوەی بیست و سێساڵدا بۆ سەر سینگی پێغەمبەری خوا - صلی الله علیه وسلم - دابەزاندووە.

وەهەروەها فەرموویەتی: {إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ * وَمَا أَدْرَاكَ مَا لَيْلَةُ الْقَدْرِ * لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ} [القدر:٣].

ئێمە ئەو قورئانە پیرۆزەمان دابەزاندۆتە خوارەوە لە شەوی قەدردا، (کە دەکەوێتە دە شەوی کۆتایی مانگی ڕەمەزانەوە) تۆ چوزانی ئەم شەوی قەدرە چ شەوێکی پیرۆزو گەورەو پڕ خێرو بەرەکەتە ، ئەم شەوی قەدرە عیبادەت کردن و

خواپەرستی تێیدا ئەجرو پاداشتی زیاترە لە هەزار مانگ .

بەڵام بە مەرجێك عیبادەت بێت وەکو دوعاو پاڕانەوەو نوێژو قورئان خوێندن و زیکری خوای گەورە، نەك بە شتی دونیایی کاتەکە بەسەر ببرێت و چاوەڕێ بیت کە خێری زیاتر لە هەزار مانگت دەست بکەوێ، ئەوە هەڵەیە.

* * * * * * *

### دووەم : ڕۆژوو وقورئان پێکەوە شەفاعەت بۆ عەبد دەکەن لەڕۆژی دوایی دا :

خوێندنی قورئان لەگەڵ ڕۆژوو گرتندا خێرێکی زۆریان تێدایە ، بەشێوەیەک شەفاعەت بۆ عەبد دەکەن لەڕۆژی دوایی دا .

عبد اللەی کوڕی عەمر رضي الله عنهما گێڕاویەتیەوەو دەڵێت: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (الصيام والقرآن يشفعان للعبد يوم القيامة، يقول الصيام: أي ربِّ، منعته الطعام والشهوات بالنَّهار فشفعني فيه، ويقول

القرآن: منعته النوم بالليل فشفعني فيه، قال: فيشفعان)[٧]

واتە: ڕۆژوو وقورئان شەفاعەت بۆ عەبد دەکەن ، ڕۆژوو دەڵێت: خودایە من بەڕۆژ ڕێگریم لێ کرد لەخواردن وئارەزوو شەفاعەتەکەم لەبارەی ئەوەوە قەبوڵ بفەرموو ، و قورئان دەڵێت: خودایە

---

[٧] رواه أحمد (١٧٤/٢) (٦٦٢٦)، والطبراني كما في ((مجمع الزوائد)) للهيثمي (١٨٤/٣).

قال المنذري في ((الترغيب والترهيب)) (١٠٧/٢): رجاله محتج بهم في الصحيح، وقال الهيثمي: رجال الطبراني رجال الصحيح، وقال البوصيري في ((إتحاف الخيرة المهرة)) (٦٦/٣): في سنده ابن لهيعة، [وروي] بسند رجاله رجال الصحيح، [وروي أيضاً] بإسناد حسن، وصححه السيوطي في ((الجامع الصغير)) (٥٢٠٣)، والألباني في ((صحيح الجامع)) (٣٨٨٢)، وصحح إسناده أحمد شاكر في تحقيق ((مسند أحمد)) (١١٨/١٠).

من بەشەو ڕێگریم لێ کرد لەنوستن و شەفاعەتەکەم لەبارەی ئەوەوە قەبوڵ بفەرموو ، وەدەبنە شەفاعەت کاری .

وە مەبەست لەبڕگەی: ((فیشفعان)): واتە: خودا شەفاعەتەکەیان قەبوڵ دەکات وەدەیخاتە بەهەشتەوە .

سێیەم : زۆر خوێندنی قورئان وەک چاو کردن لەپێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم:

پێویستە کەسی موسوڵمان لەم مانگەدا کاتەکانی بەهەل بزانێت وزۆر قورئانی تێدا بخوێنێت . چونکە زۆر قورئان خوێندن تایبەتمەندی خۆی هەیە ، لەبەر ئەوەی جبریل -

علیه السلام- لەڕەمەزانی هەموو ساڵێکدا دەهاتە لای پێغەمبەر -صلی اللە علیه وسلم- وقورئانی پێ دوو بارە دەکردەوە وکاتێ ئەو ساڵە هات کەتیایدا وەفاتی کرد دوو جار قورئانی پێ خوێندەوە.

ئەبو هورەیرە رضي اللە عنه گێڕاویەتیەوەو دەڵێت: پێغەمبەری خوا صلی اللە علیه وسلم فەرمووی: ((كان يعرض على النَّبي صلى الله عليه وسلم القرآن كل عام مرة، فعرض عليه مرتين في العام الذي قبض.))[٨]

واتە: لەڕەمەزانی هەموو ساڵێکدا جبریل - علیه السلام- دەهاتە لای پێغەمبەر -صلی اللە علیه

[٨] رواه البخاري (٤٩٩٨).

وسلم- و جارێک قورئانی پێ دوو بارە دەکردەوە وکاتێ ئەو ساڵە هات کەتیایدا وەفاتی کرد دوو جار قورئانی پێ خوێندەوە.

وە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم زۆر چوست وچالاک بوو لەمانگی ڕەمەزاندا ، ویەکێک لەو شتانەی کەزۆر گرنگی پێ دەدا لەڕەمەزاندا قورئان بوو .

عبداللەی کوڕی عەباس خوا لێیان ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت : ((كان النَّبي صلى الله عليه وسلم أجود الناس بالخير، وأجود ما يكون في شهر رمضان؛ لأن جبريل كان يلقاه في كل ليلة في شهر رمضان حتى ينسلخ، يعرض عليه رسول الله صلى

الله عليه وسلم القرآن، فإذا لقيه جبريل كان أجود بالخير من الريح المرسلة))[٩]

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ لەهەموو کەس سەخی تر بوو ، و کاتێ لەڕەمەزاندا جبریل دەهات بۆ لای زۆر سەخی تر دەبوو ، و جبریل هەموو شەوێک قورئانی پێ دوو بارە دەکردەوە ، وە پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر لە با خێرا تر بوو لە خێرکردندا .

(النووي) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت:

(وفي هذا الحديث فوائد منها: بيان عظم جوده صلى الله عليه وسلم، ومنها استحباب إكثار الجود

[٩] رواه البخاري (٤٩٩٧)، ومسلم (٢٣٠٨). .

في رمضان، ومنها زيادة الجود والخير عند ملاقاة الصالحين، وعقب فراقهم؛ للتأثر بلقائهم، ومنها استحباب مدارسة القرآن)[10] واته : لەم فەرموودەیەدا چەند سودێک هەیە لەوانە:

ڕوونکردنەوەی زیاد سەخی بوونی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ، ولەوانە زیاتر سەخی بوون وخێر کردن لەکاتی گەیشتن بەکەسانی چاک ، ودوای لێ جودا بوونەوەیان ، ئەوەش وەک کاریگەر بوون بەدیداریان ، وەهەروەها لەوانە باشی وچاکی خوێندنەوە و ورد بوونەوە لەقورئان .

[10] ((شرح صحيح مسلم)) للنووي (٦٩/١٥)..

وە (ابن حجر) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (الحكمة فيه أن مدارسة القرآن تجدد له العهد بمزيد غنى النفس، والغنى سبب الجود)[١١]

واتە: حیکمەتەکەی ئەوەیە موراجەعە وخوێندنی قورئان پەیامی بۆ تازە دەکاتەوە بەوەی دەروونی دەوڵەمەند بێت ، ودەوڵەمەندیش هۆکاری سەخی بوونە .

بۆیە باشترین شت کەکەسی ڕۆژووەوان خۆی پێوە سەرقاڵ کات خوێندنەوەی قورئانە ، ووردبوونەوەیە لەماناکانی ، ئەوەش وەک چاو کردن لەپێغەمبەری ئازیز وخۆشەویستﷺ.

[١١] ((فتح الباري)) لابن حجر (٣١/١).

## ڕەمەزان عومرە کردن

حەتمەن عیبادەت کردن لەمانگی ڕەمەزاندا چێژی تایبەتی خۆی هەیە ، کەسانی باوەڕداری ڕاستگۆ هەستی پێ دەکەن ، ئەوانەی کەچاوەڕێی ئەوەن خوای پەروەردگار لێیان ببوورێت ، وپاداشتیان بداتەوە ، بۆیە لێرەوە دەبینی موسوڵمانان پێشبڕکێ دەکەن لەئەنجامدانی کاری خێر وچاکەدا وجۆرەها عیبادەت ئەنجام دەدەن بەفەرز وسوننەتەوە ..

جا یەکێک لەو عیبادەتانە عومرە کردن وسەردانی کردنی ماڵی خودایە لەمانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا ؛ چونکە لەڕەمەزاندا خێرێکی هەیە

لەهیچ مانگێکی تردا ئەو خێرەی نی یە بەشێوەیەک خێری حەجێی هەیە:

عبداللەی کوڕی عەباس خوا لێیان ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت : ((فإذا جاء رمضان فاعتمري. فإن عمرة فيه تعدل حجة)) [١٢]

واتە: بەئافرەتێکی فەرمووە (کەنەیتوانیبوو حەجی لەگەڵ بکات) و هەرکات ڕەمەزان هات ئەوا عومرەیەک بکە ، عومرە کردن لەمانگی ڕەمەزاندا خێری حەجێکی هەیە.

[١٢] رواه البخاري (١٧٨٢)، ومسلم (١٢٥٦).

( ابن حجر ) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت :
(فالحاصل أنه أعلمها أن العمرة في رمضان تعدل الحجة في الثواب) [١٣]

واتە: وەلحاسڵ فێری کرد کە عومرە کردن لەڕەمەزاندا خێری حەجێکی هەیە .

وە گەر حەجی وەرگیراو هیچ پاداشتێکی نەبێت جگە لەچوونە بەهەشت ، وکاتێ دەگەڕێتەوە کاری خراپە وفیسق وقسەی ناشیرین نەکات ، ئەوا بەشێوەیەک لەتاوان پاک دەبێتەوە وەک ئەو ڕۆژەی کەلەدایک بووە ، وکەسی عومرەکاریش لەمانگی ڕەمەزاندا هەمان خێر

[١٣] ((فتح الباري)) لابن حجر (٣/٦٠٤).

وپاداشتی دەست دەکەوێت ، وفەزڵ ومیهرەبانی خودا زۆر فراوان وبێ ئەندازەیە.

وە عومرە بۆ عومرەیەکی تر دەبێتە کەفارەتی تاوانەکانی نێوانیان :

ئەبو هورەیرە خوای لێ ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: ((العمرة إلى العمرة كفارة لما بينهما)) [14]

واتە: عومرەیەک بۆ عومرەیەکی تر دەبێتە کەفارەتی تاوانەکانی نێوانیان .

[14] رواه البخاري (١٧٧٣)، ومسلم (١٣٤٩).

بۆیە هەرکات موسوڵمان ئەم عیبادەتەی ئەنجام دا لەکاتی سەفەر ونارەحەتی دا ، وتەنها نیەتی خودا بێت ، وچاوەڕێ پاداشت بێت لەخودا ، وترسی سزای خودای هەبێت ئەوا بەویستی خوا ئەوەی دەست دەکەوێت کەئومێدی پێیەتی.

* * * * * * *

## ڕەمەزان و خێر سەدەقە کردن

مانگی ڕەمەزان مانگی پێشبڕکێ کردنە لەخێر وچاکەدا ، ومانگی سەخی بوون ، وهاریکاری کردنی کەسانی هەژار و موحتاجە .

عبداللەی کوڕی عەباس خوا لێیان ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت : ((كان النَّبي صلى الله عليه وسلم أجود الناس بالخير، وأجود ما يكون في شهر رمضان؛ لأن جبريل كان يلقاه في كل ليلة في شهر رمضان حتى ينسلخ، يعرض عليه رسول الله صلى الله عليه وسلم القرآن، فإذا لقيه جبريل كان أجود بالخير من الريح المرسلة)) [١٥]

---

[١٥] رواه البخاري (٤٩٩٧)، ومسلم (٢٣٠٨).

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ لەهەموو کەس سەخی تر بوو ، و کاتێ لەڕەمەزاندا جبریل دەهات بۆ لای زۆر سەخی تر دەبوو ، و جبریل هەموو شەوێک قورئانی پێ دوو بارە دەکردەوە ، وە پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر لە با خێرا تر بوو لە خێرکردندا .

پێشەوا(النووي) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (وفي هذا الحديث فوائد منها: بيان عظم جوده صلى الله عليه وسلم، ومنها استحباب إكثار الجود في رمضان، ومنها زيادة الجود والخير عند

ملاقاة الصالحين، وعقب فراقهم؛ للتأثر بلقائهم، ومنها استحباب مدارسة القرآن) [١٦]

واتە: لەم فەرمووودەیەدا چەند سودێک هەیە لەوانە:

ڕوونکردنەوەی زیاد سەخی بوونی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ، ولەوانە زیاتر سەخی بوون وخێر کردن لەکاتی گەیشتن بەکەسانی چاک ، ودوای لێ جودا بوونەوەیان ، ئەوەش وەک کاریگەر بوون بەدیداریان ، وەهەروەها لەوانە باشی وچاکی ووخوێندنەوە و ورد بوونەوە لەقورئان .

[١٦] ((شرح صحيح مسلم)) للنووي (٦٩/١٥).

وە خێر وسەدەقە لەسیفات وئاکاری پێغەمبەرە صلی الله علیە وسلم:

پێشەوا ( ابن القیم )ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (کان صلی الله علیه وسلم أعظم الناس صدقة بما ملكت يده، وكان لا يستكثر شيئا أعطاه لله تعالى، ولا يستقله، وكان لا يسأله أحد شيئاً عنده إلا أعطاه، قليلاً كان أو كثيراً، وكان عطاؤه عطاء من لا يخاف الفقر، وكان العطاء والصدقة أحبَّ شيء إليه، وكان سروره وفرحه بما يعطيه أعظم من سرور الآخذ بما يأخذه، وكان أجود الناس بالخير، يمينه كالريح المرسلة. وكان إذا عرض له

محتاج، آثره على نفسه، تارة بطعامه، وتارة بلباسه...)[17]

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ سەخی ترین کەس بوو لەو ماڵ وسەروەتەی کەلەبەردەستی دا بوو ، وئەوەی هەیبوایە وخودا پێ ببەخشیایە زۆری نەدەکرد ، و نەیدەهێشتەوە ، و هیچ کەسێک داوای شتێکی لێ نەدەکرد ئیلا دەیدایە گەر هەیبوایە ، و بەشێوەیەک ماڵی دەبەخشی لەهەژاری نەدەترسا ، وخێر وسەدەقە کردن خۆشەویسترین شت بوو بەلایەوە ، ودڵخۆشی بەوەی دەیبەخشی زیاتر بوو لەو کاتەی کەشتێکی

[17] ((زاد المعاد)) لابن القيم (٢/٢٢-٢٣).

وەردەگرت ، وسەخی ترین کەس بوو لەخێر وچاکەدا ، دەستی ڕاستی هاوشێوەی با بوو ، وکاتێ کەسێکی دەست کورت بهاتبایەتە لای ئەوەی هەیبوایە دەیدایە وفەزڵی دەدا بەسەر خۆیدا ، هەندێ جار بەخواردن وهەندێ جاری تر بەجل وبەرگ .

* * * * * * *

## خێر و سەدەقە کاریگەریەکی سەیر و عەجیبی هەیە لەدڵخۆش کردنی مرۆڤدا :

پێشەوا( ابن القيم )ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت:

(وكان هديه صلى الله عليه وسلم يدعو إلى الإحسان، والصدقة، والمعروف، ولذلك كان صلى الله عليه وسلم أشرح الخلق صدراً، وأطيبهم نفساً، وأنعمهم قلباً. فإن للصدقة وفعل المعروف تأثيراً عجيباً في شرح الصدر..)[١٨] واتە: عادەتی پێغەمبەری خوا ﷺ وابوو بانگەشەی دەکرد بۆ چاکە ، و سەدەقە ، و خێر ، هەر بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ دڵحۆشترین کەس بوو ، ودڵپاکترین مرۆڤ بوو ، ودڵئارام ترینیان بوو ، بێگومان خێر وسەدەقە کاریگەریەکی عەجیبی هەیە لەدڵخۆش کردنی مرۆڤدا .

---

[١٨] ((زاد المعاد)) لابن القيم (٢٣/٢).

## خێر وسەدەقەو بەخشین جۆرێکە لەگومانی باش بردن بەخودا :

ئەو کەسانەی کەماڵ دەبەخشن زیاتر گومانی باشیان بەخودا هەیە ، چونکە ئەوان دەزانن ئەوەی دەیبەخشن خودا بۆیان قەرەبوو دەکاتەوە ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿وَمَا أَنْفَقْتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَهُوَ يُخْلِفُهُ وَهُوَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ﴾ [سبأ:٣٩].

واتە: هەر شتێك کە ئێوە لە پێناو خوای گەورەدا بیبەخشن ئەوا خوای گەورە لە دونیا جێگەتان بۆ پڕ ئەکاتەوە، وە لە قیامەتیش پاداشتان ئەداتەوە ، وە خوای گەورە باشترین ڕۆزیدەرە.

## خێر وسەدەقە کردن بەنهێنی تورەیی خودا ناهێڵێت :

ئەبو ئومامە خوا لێی ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((صنائع المعروف تقي مصارع السوء، وصدقة السرِّ تطفئ غضب الربِّ، وصلة الرحم تزيد في العمر)) [19]

واتە : کاری چاکە ناخۆشی لەمرۆڤ دوور دەخاتەوە ،و خێر وسەدەقە کردن بەنهێنی تورەیی

[19] رواه الطبراني (٢٦١/٨) (٨٠١٤). قال ابن الملقن في ((البدر المنير)) (٤٠٨/٧): في إسناده يزيد بن عبد الرحمن ، والظاهر أنه الدالاني، وفيه خلاف، وضعف إسناده العراقي في ((تخريج الإحياء)) (٢٩٠/١)، وحسنه الألباني في ((صحيح الجامع)) (٣٧٩٧).

خودا ناهێڵت و دەیکوژێنێتەوە ، و سیلەی ڕەحم تەمەن زیاد دەکات .

## کەسی خێر و سەدەقە کار لەڕۆژی دوایی دا لەژێر سێبەری عەرشی خودادایە :

ئەبو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((سَبْعَةٌ يظِلهمُ اللهُ فِي ظِلهِ يومَ لاَ ظِلَّ إِلاَّ ظِلُّهُ: ..ورَجُلٌ تَصَدَّقَ بِصَدَقَةٍ فَأَخْفَاهَا حَتَّى لاَ تَعْلَمُ شِمَالُهُ مَا تُنْفِقُ يَمِينُهُ)) [٢٠]

واتە: حەوت کۆمەڵ هەن پەروەردگار لە ڕۆژی دواییدا دەیان خاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆیەوە، لەو ڕۆژەدا هیچ سێبەرێك نییە جگە لەو سێبەرە: پیاوێك خێر

---

[٢٠] رواه البخاري (١٤٢٣)، ومسلم (١٠٣١).

دەکات و دەبەخشێت بەشاراوەیی، ئەگەر بەدەستی ڕاست ببەخشێت نایەڵێت چەپی پێی بزانێت.

## خێر وسەدەقە کارێکە کۆتایی پێ نایەت:

ئەبو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((إذا مات الإنسان انقطع عنه عمله إلا من ثلاثة: إلا من صدقة جارية، أو علم ينتفع به، أو ولد صالح يدعو له))[٢١]

واتە: ئەگەر ئادەمیزاد مرد خێری کردەوەکانی لێ دەبڕێت مەگەر لە سێ ڕێگەوە نەبێت: خێرێکی نەبڕاوە ، منداڵێکی صالح و چاك نزای بۆ بکات ، یان زانستێك سوودی لێ ببینرێت .

[٢١] رواه مسلم (١٦٣١)

## ڕەمەزان و دوعا و پاڕانەوە

دوعا یەکێکە لەعیبادەتە گەورەکان ، و لەمانگی ڕەمەزاندا تایبەتمەندی خۆی هەیە ، بۆیە کاتێ ئەم مانگە دێت موسوڵمان زیاتر دوعا دەکات و دەپاڕێتەوە لەخودای گەورە و داوای پێویستیەکانی دەکات .

### دوعایەک ڕەتکردنەوەی نی یە :

ئەبو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە وەدەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((ثلاثة لا ترد دعوتهم: الإمام العادل، والصائم حتى يفطر، ودعوة المظلوم.))[٢٢]

[٢٢] رواه الترمذي (٢٥٢٥)، وصححه الألباني في "صحيح الترمذي" (٢٠٥٠).

واتە: سێ جۆر کەس هەن پاڕانەوەکانیان ڕەت ناکرێتەوە:

دەسەڵاتدارێکی دادپەروەر ، ورۆژووەوان تاوەکو ڕۆژووەکەی دەشکێنێت ، وپاڕانەوەی کەسی ستەم لێکراو .

ئاوێتە بوونی دوعا وپاڕانەوە لەئایەتەکانی ڕۆژوودا وماناو مەبەستی :

خوای پەروەردگار فەرموویەتی: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ } [البقرة:١٨٣] .

ئەی باوەڕداران ئێوە ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانتان لەسەر فەرز کراوە ، هەروەکو چۆن

لەسەر ئوممەتانی پێش ئێوەش فەرز کرابوو بەڵکو تەقوای خوای گەورە بکەن.

ئەو ئایەتانەی کەباس لەڕۆژوو و ئەحکامەکانی ڕۆژوو دەکەن لە( سورة البقرة )، ئایەتێکی لەخۆ گرتووە ، باسی شتێکی تر دەکات ، ئەوەش ئایەتی: {وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُواْ لِي وَلْيُؤْمِنُواْ بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ}[البقرة:١٨٦] .

ئەی محمد صلی اللّٰه علیه وسلم ئەگەر بەندەکانی من پرسیاری منیان لێت کرد ئەوە من لێیانەوە نزیکم بە زانست و زانیاری و بیستن و بینین و تواناو دەسەڵات و ویست و ئیرادە، بەڵام

زاتی پیرۆزی خوای گەورە لەسەر عەرشە [أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ] هەر کەسێك لە من بپاڕێتەوە ئەوا وەڵامی ئەدەمەوە یان ئەوەتا بۆی جێبەجێ ئەکەم، یان بە ئەندازەی ئەوە بەلاو موسیبەتی لەسەر لائەدەم، یان لە قیامەتدا پاداشتی ئەدەمەوە ، بەڵام بەو مەرجەی ئەوانیش با لە من بپاڕێنەوە، یان وەڵامی بانگەوازی من بدەنەوە، وە با ئیمانم پێ بێنن بەڵکو خوای گەورە بیانخاتە سەر ڕێگای ڕاست و هیدایەتیان بدات.

( ابن كثير ) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت:

لەهێنانی ئەم ئایەتەدا لەلایەن پەروەردگارەوە کەباس لەدوعا دەکات ولەنێو ئەحکامەکانی

ڕۆژوودا هاتووە ڕێنوێنی یە بۆ زۆر پاڕانەوە ، تەنانەت لەکاتی هەموو ڕۆژوو شکاندنێکدا . تفسير ابن كثير دار طيبة ١/ ٥٠٩.

وە پێویستە لەسەر ڕۆژووەوان چەند ئادابێک ڕەچاو بکات ، لەوانە:

١- بەئیخلاسی پاڕانەوە لەخودا ، لەگەڵ خودادا داوا لەهیچ کەسێکی تر نەکات ، بەڵکو تەنها وتەنها لەخودا بپاڕێتەوە وهاوبەشی بۆ بڕیار نەدات لەپاڕانەوەکانی دا ، هەروەک خوای پەروەردگار فەرمانی پێ کردووە وفەرموویەتی: ﴿وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا﴾ [الجن:١٨].

واتە: وە مزگەوتەکان تایبەتن بە خوای گەورەوماڵی خوای گەورەن ئێوە لەگەڵ (اللّٰه)دا دوعا لە هیچ کەسێکی تر مەکەن وە لە کەسی تر مەپاڕێنەوە تەنها لە خوای گەورە بپاڕێنەوە لەبەر ئەوەی دوعا عیبادەتە .

٢- پاڕانەوە لەخودا بەناوە جوانەکانی ، وسیفاتە بەرزەکانی ، وحەمد وسوپاس کردنی ، هەروەک خوای پەروەردگار فەرمانی پێ کردووە وفەرموویەتی: {وَلِلّٰهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا} [الأعراف:١٨٠].

واتە: وە خوای گەورە ناوە جوانەکانی هەیە تۆ بەو ناوە جوانانەوە لە خوا بپاڕێرەوەو بڵێ: یا رحمن

یارحیم یا کریم یا عزیز، وە تەوەسولی پێ بکەو بڵێ: خوایە بۆ خاتری ناوە جوانەکانت، (هەرکەسێك نەوەدو نۆ لە ناوە جوانەکانی خوای گەورە لەبەر بکات و لێی تێبگات و لە خۆیدا جێبەجێی بکات ئەوە دەچێتە بەهەشتەوە، وە ژمارەی ناوەکانی خوای گەورە کەس نایزانێت تەنها خۆی نەبێت چونکە هەندێك ناوی هەیە لە هیچ کتابێکی ئاسمانی داینەبەزاندووەو بەهیچ پێغەمبەرێکیشی نەووتووەو لای خۆی هێشتوویەتیەوە) .

٣- داوا کردنی شتی باش وچاک ، ودوور کەوتنەوە لەتاوان ، ونەبچڕاندنی سیلەی ڕەحم ، وپەلە نەکردن لەوەڵامدانەوەدا ، ئەبو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((يستجاب لأحدكم ما لم يعجل، يقول: دعوت فلم يستجب لي)) [٢٣]واتە: خوای گەورە وەڵامی دوعاکانتان دەداتەوە ئەگەر پەلە نەکەن، دەڵێت: من هەر دوعا دەکەم و وەڵام نەدرامەوە.

٤- دڵنیابیت لەوەی وەڵام دەدرێیتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " ادعوا الله

[٢٣] رواه البخاري (٦٣٤٠) ومسلم (٢٧٣٥) .

وأنتم موقنون بالإجابة " واتە: داوا لەخوا بکەن و یەقینتان هەبێت بەوەی وەڵام دەدرێنەوە.

٥- ئامادەیی دڵ: دەبێت دڵی بەئاگا بێت و بزانێت چی دەڵێت و لەو کاتەدا هەست بە گەورەیی ئەو زاتە بکات کە داوای لێ دەکات، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

"واعلموا أن الله لا يستجيبُ دعاءً من قلبٍ لاهٍ "" [٢٤]

واتە: بزانن کە خوای گەورە وەڵامی دوعای کەسێك ناداتەوە کە دڵی غافڵ وبێ ئاگابێت.

---

[٢٤] صحيح الجامع (٢٤٥) .

## ٦- حەڵاڵێتی جلوبەرگ و خواردن و خواردنەوە:

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ("إن الله طيبٌ لا يقبلُ إلا طيباً ، ثم ذكر الرجل يطيل السفر أشعث أغبر يمد يديه إلى السماء يا ربِّ يا ربِّ ، ومطعمهُ حرام ومشربهُ حرام وملبسهُ حرام وغُذِّيَ بالحرام فأنَّى يُستجاب له).[٢٥]

واتە: خوای گەورە پاك و پاکیش نەبێت وەری ناگرێت، پاشان باسی پیاوێکی کرد لە سەفەرێکی دوورەوە هاتبوو ماندو و تۆزاوی و قژتێکچوو بو هەردوو دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردەوەو دەیوت: یا

---

[٢٥] مسلم (١٠١٥) .

رب یا رب، لەکاتێکدا خواردن و خواردنەوە وجلوبەرگی هەموو حەرام بوو تەنانەت بە خواردنی حەرامیش گەورە بوبو،جا ئیتر چۆن وەڵامی دەدرێتەوە.

٧- پاڕانەوە لەو کاتانەدا کەدوعای تێدا قەبوڵە ، لەوانە شەوی قەدر ، کەخێری زیاترە لەهەزار مانگ ، خوای پەروەرگار فەرموویەتی:{لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ} [القدر:٣].

واتە: ئەم شەوی قەدرە عیبادەت کردن و خواپەرستی تێیدا ئەجرو پاداشتی زیاترە لە هەزار مانگ، لەبەر ئەوەی ئوممەتانی پێشتر تەمەنیان درێژ بووەو عیبادەتی خوای گەورەیان زیاتر

کردووە خوای گەورە ڕێزی لەم ئوممەتە ناوە بەوەی کە لەو شەوەدا هەر کەسێك عیبادەت و خواپەرستی بکات بۆ خوای گەورە ئەو شەوی قەدرە خێری زیاترە لە هەزار مانگ جگە لە شەوی قەدر تیایدا، واتە: هەزار مانگەکە شەوی قەدری تیادا نەبێ تەنها شەوی قەدر خێری هەزار مانگی زیاتری هەیە کەسێك عیبادەتی خوای گەورە بکات، بەڵام بە مەرجێك عیبادەت بێت وەکو دوعاو پاڕانەوەو نوێژو قورئان خوێندن و زیکری خوای گەورە، نەك بە شتی دونیایی کاتەکە بەسەر ببرێت و چاوەڕێ بیت کە خێری زیاتر لە هەزار مانگت دەست بکەوێ، ئەوە هەڵەیە.

# ڕەمەزان و ئیعتکاف کردن

ئیعتیکاف : واتە مانەوە لە مزگەوت بۆ عیبادەت و خواپەرستی .

گرنگترین ئامانج و مەبەست کەموسوڵمان هەوڵی بۆ دەدات لەژیانی دا خۆشەویستی خودایە ، ونزیک بوونەوەیە لێی ، وخەڵوەت کردنە لەگەڵ خودادا ، ولەمانگی ڕەمەزاندا موسوڵمان چالاک دەبێت بۆ عیبادەت کردن لەوانە ئیعتیکاف کردن ، و دوور دەکەوێتەوە لەدونیا ، و سەرقاڵیەکانی ، وخۆشیەکانی .

**ئیعتیکاف وجێ بەجێ بوونی مانای بەندایەتی:**

خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿مَا خلَقَتْ الْجِنَّ وَالإِنْسَ إِلا لِيَعْبُدُونِ﴾ [الذاريات:٥٦].

واتە: من جن و مرۆڤم دروست نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێ بە تاك و تەنها بمپەرستن وە ملکەچی فەرمانی من بن.

وە کەسی ئیعتیکاف کار هەموو کاتەکانی خۆی داوە بەخودا ، وهەموو هەم وخەمی بووە بەڕازی کردنی خودا ، وئەوەش مانای جێ بەجێ کردنی بەندایەتی یە.

پێشەوا ( ابن القيم ) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (..وشرع لهم الاعتكاف الذي مقصوده وروحه عكوف القلب على الله تعالى، وجمعيته عليه، والخلوة به والانقطاع عن الاشتغال بالخلق، والاشتغال به وحده سبحانه، بحيث يصير ذكره، وحبه، والإقبال عليه في محل هموم القلب وخطراته، فيستولي عليه بدلها، ويصير الهمُّ كلُّه به، والخطرات كلُّها بذكره، والتفكر في تحصيل مراضيه وما يقرب منه، فيصير أنسه بالله بدلاً من أنسه بالخلق، فيعده بذلك بأنسه به يوم الوحشة في القبور، حيث لا أنيس له ولا ما يفرح به سواه، فهذا هو مقصود الاعتكاف الأعظم) [26]

[26] ((زاد المعاد)) لابن القيم (٢/٨٧)

واتە: وئیعتیکافی بۆ داناون کەمەبەست لێی پەیوەست بوونی دڵە بەخوداوە ، وکۆ بوونەوە لەگەڵی ، تەنها بوونەوە لەگەڵ خودادا ودابڕان لەخەڵک ، بەشێوەیەک زیکر وخۆشویستنی خودا ، وڕوو تێ کردنی دەبێتە جێ ڕاز ونیازی ، وقورس دەبێت لەسەری گۆڕینی ، وهەموو هەمی دەبێت بەو ، وهەموو داڵغەی بۆ ئەو دەبێت ، وبیرکردنەوەی بۆ ڕەزامەندی ئەو دەبێت وئەو شتانەی کەلێی نزیک دەبێتەوە ، تا وای لێ دێت دڵئارام دەبێت بەخودا لەبری خەڵکی ، بەوە وای لێ دێت لەڕۆژی دڵتەنگی نێو گۆڕدا ئاسوودە بێت ، لەو جێگەیەیی کەهیچ دڵنەوایی دەرێکی نی یە وکەس دڵخۆش نابێت جگە لەو ، ئائەمە ئامانج ومەبەستی ئیعتیکاف کردنە .

کەسی ئیعتیکاف کار دڵی بەندە بەمزگەوتەوە ، کەپاداشتەکەی دەست خستنی سێبەری خودایە لەڕۆژی دوایی دا :

ئەبو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((سبعة يظلهم الله تعالى في ظِلِّه يوم لا ظلَّ إلا ظلُّه: إمام عدل، وشاب نشأ في عبادة الله، ورجل قلبه معلق في المساجد..))[27]

واتە: حەوت جۆر کەس خودا دەیانخاتە ژێر سێبەری خۆیەوە لەڕۆژێکدا کەهیچ سێبەرێک نییە جگە لەسێبەری ئەو : دەسەڵاتدارێکی

[27] رواه البخاري (١٤٣٢)، ومسلم (١٠٣١)

دادگەر ، وگەنجێک لەعیبادەتی خودادا گەورە بووبێت، وپیاوێک دڵی وا بەستەی مزگەوت بێت

جا گەر ئەمە پاداشتی کەسێک بێت کەدڵی وابەستەی مزگەوتە ، دەبێ پاداشتی کەسێک کەلەمزگەوتدا ئیعتیکاف دەکات چی بێت ؟!

* * * * * * *

## ئیعتیکاف کردن وگەڕان بەدوای دەست خستنی شەوی قەدردا:

**ئەبو سەعیدی خودری خوا لێی ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت: (إن رسول الله صلى الله عليه وسلم اعتكف العشر الأول من رمضان، ثم اعتكف العشر الأوسط... ثم أطلع رأسه فكلَّم الناس، فدنوا منه فقال: ((إني اعتكفت العشر الأول، ألتمس هذه الليلة، ثم اعتكفت العشر الأوسط، ثم أتيت فقيل لي: إنها في العشر الأواخر. فمن أحبَّ منكم أن يعتكف، فليعتكف)). فاعتكف الناس معه))** [٢٨]

[٢٨] رواه مسلم (١١٦٧)

واتە:پێغەمبەری خوا ﷺ لەدەشەوی یەکەمی ڕەمەزاندا ئیعتیکافی کرد ، پاشان لەدەشەوی ناوەڕاستدا ئیعتیکافی کرد ..دواتر سەری دەرهێناو لەگەڵ خەڵکدا قسەی کرد ، ولێی نزیک بوونەوە وفەرمووی: ( من لەدەشەوی یەکەمی ڕەمەزاندا ئیعتیکافم کرد ، بەدوای ئەو شەوەدا دەگەڕام ، پاشان لەدەشەوی ناوەڕاستدا ئیعتیکافم کرد ، پاشان هاتن بۆلام وپێم وترا: شەوی قەدر لەدەشەوی کۆتاییدایە ، جا هەرکەسێک لەئێوە پێی خۆشە ئیعتیکاف بکات ، با ئیعتیکاف بکات ، خەڵکیش لەگەڵی ئیعتیکافیان کرد . گەڕان بەدوای شەوی قەدردا ئامانجی سەرەکی ئیعتیکاف کردنی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بوو.

## ئیعتیکاف وئارام گرتن:

کەسی ئیعتیکاف کار فێری ئارام گرتن دەبێت لەسەر ئارەزووەکانی دونیا هاوشێوەی ئافرەت ، وخواردن ، وخواردنەوە ، ونوستن لەسەر جێگەی خۆش ، وڕابواردن ، ئەمە لەلایەکەوە ، ولەلایەکی ترەوە ئارام گرتن لەقەرەباڵخی نێو مزگەوت وشوێنی ئیعتیکافەکەی .

وە لەمەدا پەروەردەکردنی هەیە لەسەر ئارام گرتن وزاڵ بوون بەسەر ناخۆشیەکاندا .

## ئیعتیکاف وجوانی ئیسلامەتی:

کەسی ئیعتیکاف کار لەئیعتیکافەوە فێـری خـۆ دوور گرتن دەبێت لەو قسە وکردارانەی کەپەیوەندی بەوەوە نـــی یە ، ئەوەش لەجـــوانی ئیـــسلامەتی کەسـەکەوەیە ؛ ئەبـو هـورەیرە خـوا لێـی ڕازی بێـت گێـــڕاویەتیەوە ودەڵێـــت: پێغەمـــبەری خـــوا ﷺ فەرمووی: ((من حسن إسلام المرء تركه مالا يعنيه)) [29] واتە: لەجـوانی ئیـسلامەتی مـرۆڤ ئەوەیە واز لەشتێک بێنێت کەپەیوەندی بەوەوە نی یە .

---

[29] رواه الترمذي (٢٣١٧)، وابن ماجه (٣٢٢٦)، وابن حبان (٤٦٦/١) (٢٢٩)، والبيهقي في ((شعب الإيمان)) (٢٥٥/٤) (٤٩٨٧).

قال الترمذي: غريب، وقال المنذري في ((الترغيب والترهيب)) (٢٩/٤): رواته ثقات إلا قرة بن حيوة ففيه خلاف، وحسنه النووي في ((الأربعون النووية))

وە مانگی ڕەمەزان چەندان خێر ، وفرسەتی گەورەی تێدایە ، لەوانە ئیعتیکاف کردن ، وخەڵوەت کردن لەگەڵ خودادا ، وپەروەردە کردنی نەفس ، وجیهادی ئارەزووەکان ، ودوور بوون لەسەرقاڵیەکانی دونیا ، ویەکلا بوونەوە بۆ خوێندنی قورئان ، وزیکر کردن وشەو نوێژ کردن ، وبەدەست هێنانی باشترین شەوەکانی کەشەوی قەدرە .

---

(١٢)، وصححه السيوطي في ((الجامع الصغير)) (٨٢٤٣)، والألباني في ((صحيح سنن الترمذي)) (٢٣١٧)

# ڕەمەزان و شەونوێژ کردن

ڕەمەزانی قوتابخانەیەکی ئیمانیە ، کەسی باوەڕدار تیایدا ئیمان وتەقوای زیاد دەکات ، وبیر وهۆشی سەرقاڵ دەبێت بەو شتانەوە کە لەخودای نزیک دەکەنەوە پێشبڕکێیەکی شەریفانەیە بۆ بەدەستهێنانی بەهەشتی نەبڕاوە ..ویەکێک لەو شتانەی کەمرۆڤ هەڵدەنێت لەسەر ئەو پێشبڕکێیە ، کەتایبەتمەندی ئەم مانگە موبارەکەیە ، ودەروون ئامادەیە بۆ ئەنجامدانی، ئەویش نوێژی تەراویحە .

## خۆشی ولەزەتی ڕۆژوو وشەو نوێژ کردن:

شەو نوێژ کردن لەڕەمەزاندا تایبەتمەندی خۆی هەیە ، وڕێز وقەدرێکی تایبەتی هەیە بەسەر باقی مانگەکانی تردا ، ئەوەش لەبەر ئەوەی خۆشی ڕۆژوو

وشەو نوێژ تیایدا کۆ دەبێتەوە ؛ ئەبو هورەیرە خوای لێ ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: ((من قام رمضان إيماناً واحتساباً غفر له ما تقدم من ذنبه)) [30] ، واتە: واتە: هەرکەس لەشەوانی ڕەمەزاندا شەو نوێژبکات باوەڕی پێی هەبێت و بەتەمای پاداشتی هەبێت لای خوای گەورە لە تاوانەکانی پێشووی دەبورڕێت .

### بەهۆی شەونوێژەوە دەبیتە خۆشەویستی خوای گەورە :

ئەبو دەردا خوای لێ ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: ((ثَلَاثَةٌ يُحِبُّهُمُ اللَّهُ عز وجل ـ يضْحَكُ

[30] رواه البخاري (٣٧)، ومسلم (٧٥٩).

إِلَيْهِمْ وَيَسْتَبْشِرُ بِهِمْ: الَّذِي إِذَا انْكَشَفَتْ فِئَةٌ قَاتَلَ وَرَاءَهَا بِنَفْسِهِ لِلَّهِ عَزَّ وَجَلَّ، فَإِمَّا أَنْ يُقْتَلَ، وَإِمَّا أَنْ يَنْصُرَهُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ - وَيَكْفِيهِ، فَيَقُولُ: انْظُرُوا إِلَى عَبْدِي كَيْفَ صَبَّرَ لِي نَفْسَهُ، وَالَّذِي لَهُ امْرَأَةٌ حَسْنَاءُ وَفِرَاشٌ لَيِّنٌ حَسَنٌ، فَيَقُومُ مِنَ اللَّيْلِ فَيَذَرُ شَهْوَتَهُ فَيَذْكُرُنِي وَيُنَاجِينِي وَلَوْ شَاءَ لَرَقَدَ، وَالَّذِي يَكُونُ فِي سَفَرٍ وَكَانَ مَعَهُ رَكْبٌ فَسَهِرُوا وَنَصَبُوا ثُمَّ هَجَعُوا فَقَامَ فِي السَّحَرِ فِي سَرَّاءٍ وَضَرَّاءٍ)).[31]

---

[31] رواه الطبراني كما في ((الترغيب والترهيب)) للمنذري (٢٤٥/١)، والحاكم (٧٧/١).

وحسن إسناده المنذري، والدمياطي في ((المتجر الرابح)) (٧٢)، والألباني في ((سلسلة الأحاديث الصحيحة)) (٣٤٧٨) وقال: وله شاهد، وقال الهيثمي في ((مجمع الزوائد)) (٢٥٨/٢): رجاله ثقات.

واتە: سێ جۆر کەس هەیە خودا خۆشیانی دەوێت وپێیان پێدەکەنێت وموژدەیان پێدەدات: ئەو کەسەی کە لەگەڵ کۆمەڵێك لە جەنگاوەر دایە وسینگی خۆی دەداتە بەر دوژمن ولە پێناو خوادا لەگەڵیان دەجەنگێت، یان ئەوەتا دەکوژرێت یان خوا سەری دەخات ودوژمنەکەی وازی لێ دەهێنێت، خودا دەفەرمووێت: سەیری بەندەکەم بکەن چۆن لە پێناو من سەبر وئارامی گرت ونەفسی خۆی خستە مەترسی لەبەر من.

وە کەسێك خێزانێکی زۆر جوانی هەیە لەگەڵ جێگەیەکی خەوی نەرم وئاسودەکەری چاك، بەڵام وازی لە ئارەزووی هێنا ونەچوو بەلای خێزانی

هەروەها وازی لە خەو هێنا و یاد و زیکری منی کرد خۆ ئەگەر بیویستایە دەخەوت.

وە کەسێك لە گەشت دابێت وقافلەیەکی لەگەڵ بێت وشەو بەڕێگادا بڕۆن وماندوو بوون ونەخەوتوون، پاشان کەمێك بخەوێت وبەڵام لە بەرەبەیاندا زوو هەڵدەستێت و واز لە خەو دەهێنێت یاد وزیکری خوا دەکات، ئەم کەسە لە خۆشی وناخۆشی دا یاد وزیکری خودا لەبیر ناکات .

## شەو نوێژ وتەراویح باشترین نوێژە لەدوای نوێژە فەرزەکان:

ئەبو هورەیرە خوای لێ ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت: پێغەمبەری خوا صلى الله

علیه وسلم فەرمووی:((..وأفضل الصلاة بعد الفريضة، صلاة الليل)) [٣٢]

واتە: باشترین نوێژ دوای نوێژە فەرزەکان ، شەو نوێژە .

## سوور بوونی هاوەڵان لەسەر ئەنجامدانی :

لەبەر سوور بوونی هاوەڵان لەسەر ئەنجام دانی نوێژی تەراویح پێشەوا عومەری کوڕی خەتاب ئەم سوننەتەی زیندو کردەوە ، ئەوەش دوای ئەوەی خەڵک کۆبوونەوە وتاقم تاقم ئەنجامیان دەدا ، عبدالرحمن ـی کوڕی عبد القاري گێڕاویەتیەوە ودەڵێت: (خرجت مع عمر بن

[٣٢] رواه مسلم (١١٦٣).

الخطاب رضي الله عنه ليلة في رمضان إلى المسجد، فإذا الناس أوزاع متفرقون، يصلي الرجل لنفسه، ويصلي الرجل فيصلي بصلاته الرهط، فقال عمر: إني أرى لو جمعت هؤلاء على قارئ واحد لكان أمثل. ثم عزم فجمعهم على أبيِّ بنِ كعب، ثم خرجت معه ليلة أخرى، والناس يصلون بصلاة قارئهم، قال عمر: نعم البدعة هذه، والتي ينامون عنها أفضل من التي يقومون. يريد آخر الليل، وكان الناس يقومون أوله) [٣٣]

واتە: لەشەوی ڕەمەزاندا لەگەڵ ئیمامی عومەردا خوا لێی ڕازی بێت ڕۆشتم بۆ مزگەوت بینیمان

[٣٣] رواه البخاري (٢٠١٠).

کەخەڵکی بەپەرشو بڵاوی هەرکەسێك بۆ خۆی نوێژ ئەکات وەچەند کەسێك پێکەوە نوێژ ئەکەن ئیمامی عومەر فەرمووی من واباشی ئەبینم ئەمانە هەموو کۆ بنەوە لەدوای ئیمامێکەوە وەئەمە باشترە پاشان بڕیاری دا هەموویانی کۆکردەوە لەلای ئوبەی کوڕی کەعب ، پاشان شەوێکی تر لەگەڵی ڕۆشتمەوە خەڵکی نوێژیان ئەکرد لەدوای قوئان خوێنێکیانیانەوە ، ئیمامی عومەر فەرموی باشترین داهێنراوە ، وئەوانەی دەنون ونایکەن باشتریان کردووە لەوانەی دەیکەن . مەبەستی ئەوە بوو لەکۆتایی شەودا دەیکەن ، وخەڵک لەو کاتەدا لەسەرەتای شەودا دەیانکرد .

### شەو نوێژ جیهادی شەوە :

( ابن رجب) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (اعلم أن المؤمن يجتمع له في شهر رمضان جهادان لنفسه: جهاد بالنهار على الصيام، وجهاد بالليل على القيام، فمن جمع بين هذين الجهادين، ووفّى بحقوقهما، وصبر عليهما، وفّى أجره بغير حساب)[٣٤]

واتە: بزانە و ئاگاداربە کەسی باوەڕدار لەمانگی ڕەمەزاندا دوو جیهادی بۆ خودی خۆی هەیە : جیهادێک بەڕۆژ کەئەویش بەڕۆژو گرتنە ، و جیهادێکی تریان بەشەو ئەوەشیان شەو نوێژ کردنە

[٣٤] ((لطائف المعارف)) لابن رجب (ص١٨٣).

، هەر کەسێک ئەم دوو جیهادەی تێدا کۆ ببێتەوە ، وحەقی خۆی پێیان بدات ، وئارام گر بێت لەسەریان ، ئەوا پاداشتێکی بێ ئەندازە دەدرێتەوە. ئەم مانگە هیچ نییە تەنها چەند شەوێکی دیاری کراو نەبێت ، وکاتێکی کەم وکورتە ، بۆیە کەسی براوە ئەو کەسەیە کەلەدەستی نادات وعیبادەتی تیادا ئەنجام دەدا ، ودەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی پلەی ولێ خۆش بوون لەتوانەکانی.

* * * * * * *

# ڕەمەزان وخواردن دان بەڕۆژووەوان

مانگی ڕەمەزان مانگی پێشبڕکێ کردن و مونافەسە کردنی یەکترە لەکاری چاکەدا ، جا یەکێک لەو کارە خێرانە خواردن دانە بەڕۆژووەوان ، کەکاریگەریەکی بەهێزی هەیە لەتوند وتۆڵ کردنی برایەتی وخۆشەویستی نێوان موسوڵمانان...

## خواردن دان بەڕۆژووەوان پاداشتێکی گەورەی هەیە :

زەیدی کوڕی خالدی جوهەنی خوای لێ ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (من فطر صائماً

كان له مثل أجره، غير أنه لا ينقص من أجر الصائم شيء)[٣٥]

واتە: هەرکەسێك بەربانگ بە ڕۆژووەوانێك بکاتەوە ئەوە پاداشتی ڕۆژووانەکەی دەست ئەکەوێت بەبێ ئەوەی لە پاداشتی ئەو کەسە کەم بکات، واتە ئەگەر بەربانگ بە کەسێکی ڕۆژووەوان بدەیت پاداشتی دوو ڕۆژ ڕۆژووت بۆ ئەنوسرێ و لەپاداشتی بەرامبەریش هیچ کەم ناکات.

---

[٣٥] رواه الترمذي (٨٠٧)، وابن ماجه (١٤٢٨)، وأحمد (١١٤/٤) (١٧٠٧٤)، والدارمي (١٤/٢)، والنسائي في ((السنن الكبرى)) (٢٥٦/٢) (٣٣٣١)، وابن حبان (٢١٦/٨) (٣٤٢٩)، والطبراني (٢٥٦/٥) (٥٢٧٣)، والبيهقي (٢٤٠/٤) (٨٣٩٥).

قال الترمذي، وابن عساكر في ((معجم الشيوخ)) (٤٧٢/١): حسن صحيح، وصححه البغوي في ((شرح السنة)) (٥٤١/٣)، والسيوطي في ((الجامع الصغير)) (٨٨٨٩)، والألباني في ((صحيح سنن الترمذي)) (٨٠٧).

خواردن دان بەڕۆژووەوان جۆرێکە لەسەخی بوون ، وئەوەش ڕەوشت وئاکاری پێغەمبەرە صلى الله عليه وسلم: عبداللەی کوڕی عەباس گێڕاویەتیەوە ودەڵێت: "كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَجْوَدَ النَّاسِ ، وَكَانَ أَجْوَدُ مَا يَكُونُ فِي رَمَضَانَ حِينَ يَلْقَاهُ جِبْرِيلُ ، وَكَانَ يَلْقَاهُ فِي كُلِّ لَيْلَةٍ مِنْ رَمَضَانَ فَيُدَارِسُهُ الْقُرْآنَ ، فَلَرَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَجْوَدُ بِالْخَيْرِ مِنَ الرِّيحِ الْمُرْسَلَةِ "[١٣٦]

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ لەهەموو کەس سەخی تر بوو ، و کاتێ لەڕەمەزاندا جبریل دەهات بۆ لای زۆر سەخی تر دەبوو ، و جبریل هەموو

[١٣٦] رواه البخاري (٤٩٩٧)، ومسلم (٢٣٠٨).

شەوێک قورئانی پێ دوو بارە دەکردەوە ، وە پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر لە با خێرا تر بوو لە خێرکردندا .

پێشەوا( النووي )ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (وفي هذا الحديث فوائد منها: بيان عظم جوده صلى الله عليه وسلم، ومنها استحباب إكثار الجود في رمضان، ومنها زيادة الجود والخير عند ملاقاة الصالحين، وعقب فراقهم؛ للتأثر بلقائهم..) [٣٧]

واتە: لەم فەرموودەیەدا چەند سوودێک هەیە لەوانە: ڕونکردنەوەی گەورەیی سەخیەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ، ولەوانە

[٣٧] ((شرح صحيح مسلم)) للنووي (١٥/٦٩).

سوننەتێتی زۆر سەخی بوون لەڕەمەزاندا ، ولەوانە زیاتر سەخی بوون لەکاتی گەیشت بەکەسانی چاک وساڵح ، ودوای لێ جودا بوونەوەیان ، وەک کاریگەر بوون بەگەیشتن پێیان .

وە خواردن دان بەڕۆژووەوان لەمانگی ڕەمەزان وجگە لەویشدا جۆرێکن لەجۆرەکانی خێر وسەخیەتی .

* * * * * * *

## خواردن دان بەڕۆژووەوان لەئاکاری سەلەفی ساڵحە :

زانای پایەبەرز ( ابن رجب ) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (كان ابن عمر يصوم ولا يفطر إلا مع المساكين، فإذا منعه أهله عنهم، لم يتعشَّ تلك الليلة.. وكان إذا جاء سائل وهو على طعامه أخذ نصيبه من الطعام وقام فأعطاه السائل، فيرجع وقد أكل أهله ما بقي في الجفنة، فيصبح صائماً.. ولم يأكل شيئاً) [٣٨]

واتە: عبداللەی کوڕی عومەر بەڕۆژوو دەبوو ونەیدەشکاند مەگەر لەگەڵ هەژاراندا

[٣٨] ((لطائف المعارف)) لابن رجب (ص١٨٥)

نەبێت ، وگەر خێزانەکەی ڕێگریان لێ بکردایە ، ئەوا ئەو شەوە خواردنی نەدەخوارد ، وکاتێ کەسێک بهاتبایە بۆ لای وداوای خواردنی لێ بکردایە وخواردنەکەی خۆی هەڵدەگرد وپێی دەدا ، ودەگەڕایەوە بۆلای ماڵ ومنداڵی کاتێ کەئەوەی هەبوایە خواردبوویان ، وبۆ بەیانی بەڕۆژوو دەبوو ، وهیچی نەدەخوارد .

خواردن دان بەڕۆژووەوان جۆرێکە لەسوپاسگوزاری خودا لەسەر خواردن وخواردنەوە:

هەر زانای پایەبەرز ( ابن رجب ) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (الصائم یدع طعامه وشرابه

لله، فإذا أعان الصائمين على التقوِّي على طعامهم وشرابهم، كان بمنزلة من ترك شهوة لله، وآثر بها أو واسى منها، ولهذا يشرع له تفطير الصوَّام معه إذا أفطر؛ لأن الطعام يكون محبوباً له حينئذ فيواسي منه؛ حتى يكون ممن أطعم الطعام على حبه، ويكون في ذلك شكرٌ لله على نعمة إباحة الطعام والشراب له، وردِّه عليه بعد منعه إيَّاه، فإن هذه النعمة إنما عرف قدرها عند المنع منها) [39] واتە:

کەسی ڕۆژووەوان واز لەخواردن وخواردنەوە دێنێت لەپێناوی خودادا ، وەگەر یارمەتی ڕۆژووەوانانی دا لەخواردن بەخشین پێیان ، ئەوا

[39] ((لطائف المعارف)) لابن رجب (ص١٨٨)

وەک ئەوە وایە وازی لەئارەزووەکانی هێنابێت بۆ خودا ، وفەزڵی داون بەسەر خۆیدا ، هەر بۆیە دروستە بۆی لەگەڵ خۆیدا خواردن بدات بەڕۆژووەوانان ڕۆژووەکەیان بشکێنن ، چونکە خواردن لەو کاتەدا خۆشەویستە لەلای ، تاوەکو وەک ئەو کەسەی لێ بێت کەخواردنی بەخشیوە لەکاتێکدا خۆشەویستە لەلای ، وئەوە جۆرێکە لەسوپاسکردنی خودا لەسەر دروستێتی خواردن وخواردنەوە ، وپێدانەوەی دوای ئەوەی ڕێگری لێ کرابوو ، وئەوە نیعمەتە کەسێک قەدری دەزانێت کەڕێگری لێ کرابێت .

لێرەوە بۆمان دەرکەوت ڕێگای خێر وچاکە زۆر زۆرە بۆ کەسێک بیەوێت ، وباوەڕداری عاقڵ ئەو کەسەیە کەپەلە دەکات لەئەنجامدانی کارە خێر وچاکەاندا پەتایبەت لەمانگی ڕەمەزاندا .

* * * * * * *

## ڕەمەزان و پاداشتی زۆر و سڕینەوەی تاوان

خوای پەروەردگار بەفەزڵ وکەرەمی خۆی چەندان کاتی جودا جودای بەخشیوە بەموسوڵمانان بەڵکو کاری خێری تیدا بکەن ، ولەهەندێکیاندا خێری چەند قاتە وتاوان دەسڕدرێتەوە لەوانە لەکاتی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان ، بۆیە کرنگە موسوڵمان ئەو هەلە لەدەست نەدات وکات وساتەکانی ئەم مانگە بەدەست کەوت تەماشا بکات ،زۆر عیبادەت وپەرستشی تیادا ئەنجام بدات ، وبەیەک جاری تەوبە بکات وبگەڕێتەوە بۆ لای خودا.

## نوێژی تەراویح کردن هۆکاری سڕینەوەی گوناح وتاوانە:

ئەبو هرەیرە خوا لێی ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت : پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم فەرمووی: ((من قام رمضان إيماناً واحتساباً غفر له ما تقدم من ذنبه)) [٤٠]

واتە: ئەوەی شەوانی ڕەمەزان بەشەو نوێژ زیندوو بکاتەوە، وباوەڕی پێی هەبێت وبەئومێدی پاداشتەوە ئەو کارە بکات ئەوا خوا لە تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت.

[٤٠] رواه البخاري (٣٧)، ومسلم (٧٥٩).

## وەهەروەها ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان هۆکاری سڕینەوەی گوناح وتاوانە:

ئەبو هرەیرە خوا لێی ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت : پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم فەرمووی:((من صام رمضان إيماناً واحتساباً غفر له ما تقدم من ذنبه)) [٤١]

واتە : هەر کەسێک مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو بێت و باوەڕی بەوە هەبێت خودا واجبی کردە لەسەری و چاوەڕوانی پاداشت وەرگرتنەوە بێت ئەوا خودا لە تاوانی پێشووی خۆش دەبێت .

---

[٤١] رواه البخاري (٣٨)، ومسلم (٧٦٠).

جا مانای (إيماناً ) واتە : باوەڕی بەوە هەبێت خودا واجبی کردە لەسەری.

وە مانای (واحتساباً ) واتە : چاوەڕوانی پاداشت وەرگرتنەوە بێت .

وە ڕەمەزانێـک بـۆ ڕەمەزانێکـی تـر دەبێـتە هۆکاری سـڕینەوەی تـاوان بەمەرجێـک کەسـەکە خۆی بەدوور گرتبێت لەتاوانی گەورە:

ئەبو هرەیرە خوا لێی ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێـت : پێغەمـبەری صـلی الله علیـه وسـلم فەرمـووی: ((الـصلوات الخمـس، والجمعـة إلى الجمعة، ورمضان إلى رمضان، مكفـرات مـا بيـنهن

إذا اجتنــب الكبــائر)) [٤٢] واتە : پێــنج نــوێژەکە ، و هەینی بۆ هەینی ، و ڕەمەزان بۆ ڕەمەزانەکەی تر ، دەبــنە هۆکــاری ســڕینەوەی تــاوان گەر لەتــاوانی گەورە دوور کەوتبێتەوە .

## سەرەنجامی ئەو کەسەی ڕەمەزانی بەسەردا هاتووە وخودا لێی خۆش نەبووە:

جابری کوڕی سەمورە خوا لێی ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت : پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم فەرمووی:((صعد النبي صلى الله عليه وسلم المنبر فقال: آمين، آمين، آمين. قيل يا رسول الله إنك صعدت المنبر فقلت آمين آمين آمين ؟ قال: أتاني

[٤٢] رواه مسلم (٢٣٣).

جبريل عليه السلام فقال: يا محمد، من أدرك أحد والديه فمات فدخل النار، فأبعده الله. قل: آمين. فقلت: آمين. قال: يا محمد، من أدرك شهر رمضان، فمات، فلم يغفر له، فأدخل النار، فأبعده الله. قل: آمين. فقلت: آمين. قال: ومن ذكرت عنده فلم يصل عليك، فمات فدخل النار، فأبعده الله. قل: آمين. فقلت: آمين )[٤٣] واتە: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم سەرکەوتە سەر مینبەر فەرمووی (آمین، آمین ، آمین) ووتیان ئەی

[٤٣] رواه الطبراني (٢٤٣/٢) (٢٠٢٢).

قال المنذري في ((الترغيب والترهيب)) (٢١٨/٣): رواه الطبراني بأسانيد أحدها حسن، وقال الهيثمي في ((مجمع الزوائد)) (١٤٢/٨): رواه الطبراني بأسانيد وأحدها حسن، ولهذا الحديث طرق، وصححه الألباني في ((صحيح الجامع)) (٧٥).

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم تۆ سەرکەوتیە سەر مینبەر فەرمووت : آمین آمین آمین فەرمووی : ئەوە جبریل عليه السلام هاتە لام فەرمووی : هەر کەسێ بگا بە مانگی ڕەمەزان و خوا لە گوناهەکانی خۆش نەبێ و بچێتە ناو ئاگر ئەوە خوا دووری خاتەوە بڵێ آمین منیش ووتم : آمین وە فەرمووی : ئەوەی بگات بە دایک و باوکی یان بە یەکێکیان و چاکەیان لەگەڵ نەکات و لە گەڵیان باش نەبێ جا بمرێ بچێتە ناو ئاگر ئەوە خوا دووری خاتەوە بڵێ آمین منیش ووتم : آمین وە فەرمووی ئەوەی ناوی تۆی لا بهێنرێ وە سڵاوات نەدا لە سەرت جا بمرێ و بچێتە ناو ئاگر ئەوە خوا دووری خاتەوە بڵێ آمین منیش ووتم : آمین .

### پاداشتی ڕۆژوو بێ ئەندازەیە :

ئەبو هرەیرە خوا لێی ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت : پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم فەرمووی: ((...الصيام لي، وأنا أجزي به، والحسنة بعشر أمثالها))[44] واتە: ڕۆژوو بۆ منە ، وهەر خۆمیش پاداشتی دەدەمە ، و خێریش یەک بە دەیە .

بێگومان زۆری پاداشتی کردەوەی چاکە لەڕەمەزاندا ، وزانینی ئەو پاداشتە زۆرە ، وا لەمرۆڤ دەکات زیاتر چالاک بێت لەئەنجامدانی کاری خێر وچاکەدا ، ودوور دەکەوێتەوە لەتەمبەڵی وتەوەزلی ، وگوناح وتاوان .

[44] رواه البخاري (١٨٩٤)، ومسلم (١١٥١).

## ڕەمەزان و پاراستنی زمان

مانگی ڕەمەزان مانگی موحاسەبەکردنی نەفس

وگەڕانەوەیە بۆلای خوای گەورە ، بۆیە پێویستە موسوڵمان لەم مانگەدا هەڵوێستە بکات وبیر لەحاڵی خۆی بکاتەوە ، وموحاسەبەی نەفسی خۆی بکات .

ئەم مانگە مانگی قورئان خوێندن ، وزیکر ویادی خودایە ، بۆیە دۆڕاوی وسەرگەردانییە مرۆڤ زمانی بەکار نەهێنێت لەعیبادەت وگوێڕایەڵی خودادا وهەوڵی دەست خستنی پاداشتی زیاتر نەدات لەم مانگەدا .

## ئاگات لە زمان و قسە کردنت بێ :

ئەبو هرەیرە خوا لێی ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت : پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم فەرمووی: ((إن العبد ليتكلم بالكلمة ما يتبين فيها، يزل بها في النار أبعد مما بين المشرق))[٤٥] واتە: بێگومان جاری واهەیە بەندەیەک قسەیەک دەکات بیری لێ ناکاتەوە ئایا خێرە یا شەڕە بەهۆی کردنی ئەم قسەیە دەخزێتە ناو ئاگر دوورتر لە نێوانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

[٤٥] رواه البخاري (٦٤٧٧)، ومسلم (٢٩٨٨).

جا ئەگەر تاکی باوەڕادر بگاتە ئەم ئاستەی کە زمانی تەنها لەخێر بە کاربێنێ و بیپارێزێ لەخراپەو قسەی بێ سوود ئەوا سەرفرازی بەدەست هێناوە بەویستی خوا.

ئەبو هرەیرە خوا لێی ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت : پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم فەرمووی: ((إن العبد ليتكلم بالكلمة من رضوان الله لا يلقي لها بالاً، يرفعه الله بها درجات، وإن العبد ليتكلم بالكلمة من سخط الله لا يلقي لها بالاً، يهوي بها في جهنم))[٤٦]

[٤٦] رواه البخاري (٦٤٧٨).

واتە : بەندە قەسەیەک دەکات لە ڕەزامەندی خوای پەروەردگار زۆر گەورەش نیە بەلایەوە خوای پەوەردگار بەهۆیەوە چەندین پلە بەرزی دەکاتەوە ، وە هەروەها بەندە یەک قسەیەک دەکات کە خوای پەورەدگار پێی تورە دەبێت بەلاشیەوە زۆر گەورە نیە دەیباتە ناو دۆزەخەوە .

وەهەروەها ئەسلەم خوا لێی ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت: أن عمر بن الخطاب رضي الله عنه دخل على أبي بكر الصديق رضي الله عنه وهو يجبذ لسانه، فقال له عمر: (مه غفر الله لك؟ فقال أبو بكر: إن هذا أوردني الموارد)[47]

---

[47] رواه مالك في ((الموطأ)) (١٤٣٨/٥)، والبيهقي في ((شعب الإيمان)) (٢٥٦/٤) (٤٩٩٠). وصححه الألباني في ((صحيح الترغيب والترهيب)) (٢٨٧٣).

واتە: عومەری کوڕی خەتاب خوا لێی ڕازی بێت چووە لای ئەبو بەکر خوا لێی ڕازی بێت وبینی زمانی ڕادەکێشا ، عومەر پێی گوت: (لەسەر خۆت ،و وازی لێ بێنە وئەوە چیتە خوا لێت خۆش بێت ؟ ئەبو بەکر گوتی: ئائەمە توشی هەلاکەتی کردووم

زۆربەی تاوانەکان لەزمانەوەیە:

دەگێڕنەوە عبداللەی کوڕی مەسعود: ((أنه ارتقى الصفا فأخذ بلسانه فقال: يا لسان قل خيراً تغنم، واسكت عن شر تسلم، من قبل أن تندم. ثم

قال: سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: أكثر خطايا ابن آدم في لسانه))[48]

واتە: چووە سەر سەفا وکردی بەزمانیدا وگوتی: ئەی زمان قسەی چاک بکە براوە دەبی ، وبێدەنگ بە لەخراپە سەلامەت دەبی ، پێش ئەوەی توشی بەشیمانی ببی ، پاشان گوتی: گوێم لەپێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بوو

---

[48] رواه الطبراني (١٠/١٩٧) (١٠٤٤٦)، وأبو نعيم في ((حلية الأولياء)) (٤/١٠٧)، والبيهقي في ((شعب الإيمان)) (٤/٢٤٠) (٤٩٣٣).

قال أبو نعيم: غريب من حديث الأعمش تفرد به عنه أبو بكر النهشلي، وحسن إسناده المنذري في ((الترغيب والترهيب)) (٤/٢٥)، والعراقي في ((تخريج الإحياء)) (٣/١٣٥)، وقال الهيثمي في ((مجمع الزوائد)) (١٠/٣٠٢): رجاله رجال الصحيح، وجود إسناده الألباني في ((سلسلة الأحاديث الصحيحة)) (٢/٧٠) وقال: وهو على شرط مسلم.

دەیفەرموو: زۆربەی تاوانی نەوەی ئادەمە لەزمانیەوەیەتی .

### بێ دەنگ بوون باشترە لەقسەی خراپ کردن:

ئەبو هرەیرە خوا لێی ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت : پێغەمبەری صلى الله علیه وسلم فەرمووی:

((... ومن كان يؤمن بالله واليوم الآخر فليقل خيراً أو ليصمت))[٤٩]

واتە: هەرکەسێک باوەڕی بەخواو بەڕۆژی دوای هەیە ئەگەر قسەی کرد با قسەی خێر بکات یاخود بێدەنگ بێت.

[٤٩] رواه البخاري (٦١٣٨)، ومسلم (٤٧).

ڕەحمەتی خوا لەشاعیر بێت کەدەڵێت:

لسانك لا تذكر به عورة امرئ فكلك عورات وللناس ألسنُ

وعيناك إن أبدت إليك معايباً ، فدعها وقل: يا عين، للناس أعينُ

واتە: زمانت باسی عەیب وعاری کەسی پێ مەکە ، تۆش عەیب وعارت هەیە وخەڵکیش زمان.

وەچاوەکانت گەر عەیبێکی پێ نیشان دایت ، لێی گەڕێ وبڵێ: ئەی چاو ، خەڵیکش چاویان هەیە .

ئامەان ئاگاداری بەر وبوومی زمانت بە :

مەعاز خوا لێی ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە ودەڵێت : ((قلت يا رسول الله أخبرني بعمل يدخلني الجنة ويباعدني عن النار؟ قال: لقد سألت عن عظيم وإنه ليسير على من يسره الله تعالى عليه: تعبد الله لاتشرك به شيئا، وتقيم الصلاة، وتؤتي الزكاة، وتصوم رمضان، وتحج البيت، ثم قال: ألا أدلك على أبواب الخير؟ الصوم جنة، والصدقة تطفئ الخطيئة كما يطفئ الماء النار، وصلاة الرجل في جوف الليل، ثم تلا: {تتجافى جنوبهم عن المضاجع } حتى بلغ {يعملون} ثم قال: ألا أخبرك برأس الأمر وعموده وذروة سنامه؟ قلت: بلى يا

رسول الله، قال: رأس الأمر الإسلام، وعموده الصلاة، وذروة سنامه الجهاد، ثم قال: ألا أخبرك بملاك ذلك كله؟ قلت: بلى يا رسول الله، فأخذ بلسانه، وقال: كفّ عليك هذا، قلت يا نبي الله وإنا لمؤاخذون بما نتكلم به؟ فقال ثكلتك أمك يا معاذ، وهل يكب الناس في النار على وجوههم أو قال: على مناخرهم إلا حصائد ألسنتهم)) [٥٠]

---

[٥٠] رواه الترمذي (٢٦١٦)، وابن ماجه (٣٢٢٤)، وأحمد (٢٣١/٥) (٢٢٠٦٩)، والنسائي في ((السنن الكبرى)) (٤٢٨/٦) (١١٣٩٤)، والطبراني (١٣٣/٢٠) (٢٦٦).

قال الترمذي: حسن صحيح، وصححه عبدالحق الإشبيلي في ((الأحكام الشرعية الكبرى)) (١٥٦/٣)، وابن القيم في ((أعلام الموقعين)) (٢٥٩/٤)، والألباني في (صحيح سنن الترمذي) (٢٦١٦)، وقال الهيثمي في ((مجمع الزوائد)) (٣٠٣/١٠): [روي] بإسنادين ورجال أحدهما ثقات.

واتە : گوتم : ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه هەوالّم بەرێ به کردەوەیەك بمخاتە بەهەشتەوە و لە دۆزەخ دوورمخاتەوە ؟

فەرمووی : بەڕاستی پرسیاری شتێکی گەورەت لـێ کردم و ئەو شتەش ئاسانە لەسەر کەسێك کە خوا بۆی ئاسان بکات : خوا دەپەرستیت و هیچ ناکەیت بە شەریکی و نوێژەکان دەکەیت بە ڕێکوپێکی و زەکات دەدەیت و ڕۆژووی رەمەزان دەگریت و حەجی ماڵی خواش دەکەیت .

ئینجا فەرمووی : ئایا رێنماییت بکەم بۆ دەرگاکانی خێر و چاکە : ڕۆژوو پارێزەرە و ماڵ

بەخشین هەڵە و تاوان دەسڕێتەوە هەروەکو چۆن ئاو ئاگر دەکوژێنێتەوە وە نوێژی پیاو لە ناوەڕاستی شەودا ، فەرمووی : ئەنجا ئەم ئایەتەی خوێندەوە : {تتجافى جنوبهم عن المضاجع } واتە: (لاکەلەکەیان دووردەکەوێتەوە لە جێگەکانی خەوتن و پەروەردگاریان دەپەرستن لە ترسی سزایی و بە تەماحی پاداشتی و لەوەی کە ڕۆزیانمان داون دەبخشنەوە ، هیچ کەسێك نازانێت چیان بۆ هەڵگیراوە لەوەی کە چاوەکان ئۆقرەی پێ دەگرێت لە پاداشتی ئەو کردەوانەی کە دەیان کرد) ئەنجا فەرمووی : ئایا هەواڵت نەدەمێ

بە سەری هەموو شتێك و بە بڕبڕەی پشتی و چڵە پۆپەکەی ؟

گوتم : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ .

فەرمووی : سەری هەموو شتێك ئیسلامە ، وە بڕبڕەی پشتی ئیسلامیش نوێژ کردنە ، وە چڵە پۆپەکەشی تێکۆشانە لە پێناوی خوادا .

ئەنجا فەرمووی : ئایا هەواڵتنەدەمێ بە جڵەوگیری هەموو ئەوانە ؟

گوتم : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ .

پێغەمبەری خوا ﷺ زمانی گرت و فەرمووی : ئەمەت بگرەوە .

گوتم : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ئایا لێپرسینەوەمان لێ دەکرێت و سزا دەدرێین لەسەر ئەوەی کە دەیڵێین ؟

فەرمووی : لەبار دایکت بچیتەوە ئەی (معاذ) بۆ ئایا خەڵکی ڕادەکێشرێن لەسەر ڕوومەتیان یان لەسەر لوتیان ئیللا بە هۆی دروێنەی تاوانەکانی زمانیانەوە نەبێت .

وە یەکێک لەنیشانەکانی ڕزگار بوون وبراوەیی وتەواوی ئەوەیە مرۆڤ زمانی بپارێزێت لەشتی ناپێویست ، ودانیشتن لەکۆڕ ومەجلیسی خراپ ، بەتاییەت لەمانگی ڕەمەزاندا ، واز بێنێت لە بەکەم تەماشا کردنی خەڵک ، وگاڵتە کردن

پێیان ، وقسە وتت پێیان ، ودوو زمانی کردن لەنێوانیاندا ، وغەیبەت کردنیان ، وقسەی نەشیاو کردن ، خوای گەورە فەرموویەتی: { قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ وَالَّذِينَ هُمْ عَنِ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ } [المؤمنون:١-٣].

واتە: بە دڵنیایی باوەڕداران سەرفرازو بەختەوەرو سەرکەوتوو بوونە لە دونیاو قیامەتدا،ئەو باوەڕدارانەی کە ئەم سیفەتانەیان تیابێ: ئەو کەسانەی کە لە نوێژەکانیاندا هێمن و ئارامن وە دڵیان لای نوێژەکانیانەو خشوعیان هەیە.

وە ئەو کەسانەی کە پشت لە هەموو شتێکی پووچەڵ و بێ بنەماو شیرك و تاوان ئەکەن.

وصلَّى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم .

* * * * * * *

وەرگێڕانی
ستافی ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba8.org - walamakan.com

## ناوەڕۆک

پێشەکی ....................................... ٢
ڕەمەزان و زیکر و یادی خودا ....................... ٣
ڕەمەزان و قورئانی پیرۆز .......................... ١٤
ڕەمەزان عومرە کردن ................................ ٢٧
ڕەمەزان و خێر سەدەقە کردن ...................... ٣٢
ڕەمەزان و دوعا و پاڕانەوە ......................... ٤٣
ڕەمەزان و ئیعتکاف کردن .......................... ٥٥
ڕەمەزان و شەونوێژ کردن .......................... ٦٦
ڕەمەزان وخواردن دان بەڕۆژووەوان ................ ٧٦
ڕەمەزان و پاداشتی زۆر و سڕینەوەی تاوان ..... ٨٦
ڕەمەزان و پاراستنی زمان .......................... ٩٤
ناوەڕۆک ......................................... ١١٠